ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورد دا

لە میژووی هاوچەرخدا

(١٩٢٢-١٩٢٤)

د. محەمەد دلێر ئەمین میسری

44403

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕۆژنامەنووسیی کوردی و بزووتنەوەی ئەدەبی

بابەت: نامەی دکتۆرا

نووسینی: محەمەد دلێر ئەمین میسری

کۆمپیوتەر: تاڤگە فائق

نەخشەسازی بەرگ: قادر میرخان

چاپ: ئۆفسێتی ژیر

تیراژ: (٥٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن (٧٥٨)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری ٢٠٠٤

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

ناونیشانی هەر لێکۆڵینەوە و تێزێکی زانستی، ئەو مەبەستەیە کە تۆژەر دەیکاتە ئامانج، هەوڵو چالاکی خۆی لە پێناویدا دەخاتەگەڕ، تا لەڕێگای سەرچاوەو ڕێنمایی سەرپەرشتەوە، لەبەشی جیاجیاو بابەتی سەرەکی و لاوەکیەوە، ئەنجامی کارەکەی بداتە دەست کە ناونیشان ئاشکرای کردووە، بەواتایەکی تر ناونیشان بەکڕۆکی ئەو تۆێژینەوەیە دادەنرێ کەسەرجەم لاپەڕەی نامەکەی بۆ تەرخان کراوە.

تۆێژینەوەی بابەتیانە پێویستە ئەو ڕەهەندانە دەست نیشان بکات کە بابەتەکە بە ناونیشانەکەوە گرێ دەدات.

ئەم تۆێژینەوەیە وەک لەناونیشانەکەیدا دیارە، پێویستی بەوەیە بەسەر چەند بابەتی زانستیدا دابەش بکرێت. مەرج نییە هەرێک لەبەشەکان لەڕووی قەوارەو گرنگیەوە وەک یەک بن، بەڵام پێویستە پەیوەندی بابەتەکان بەیەکەوە پتەو بێت و هارمۆنیەتی کارەکە بپارێزرێت.

قۆناغی زۆری کارەکە سەبارەت بە (ڕۆژنامەنووسی)یە، واتە لێکۆڵینەوە لەگوتاری ڕۆژنامەنووسی نووسراو لەماوەیەکی دیاریکراودا (١٩٢٢ - ١٩٢٤) کە دیارە پێوەندی بەمێژووی پێش خۆیەوە هەیە.

ڕۆژنامەنووسی لەمێژووی هاوچەرخی کوردا، شۆڕشی بیرو وەرچەرخانێکی گەورەی کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمە، پێویستی بە لەسەر نووسین و تۆێژینەوە هەیە. لەقۆناغی جیاجیاو شوێن و دەسەڵاتی جیاجیادا، ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان لەسەرەتاوە پەیامی ڕۆشنبیری نیشتمانی خۆیان پەخش کردووە. هەرێک لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە پرۆژەیەکی ڕۆشنبیرینو خزمەتی زۆر لایەنی بزوتنەوەی ڕووناکبیریان کردووە. پێوەندیان بەگەشەو پێشخستنی ئەدەب بەگشتی و پەخشانی هونەری بەتایبەتیەوە، هەیە.

تایبەتمەندی ڕۆژنامەنووسیی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسی کورد ١٩٢٢ - ١٩٢٤ کەبریتین لەسێ ڕۆژنامەی هەفتانە (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال)ی شار و ڕۆژنامەیەکی شاخ کە (بانگی حەق)ە، لەوەدایە شوێنی تایبەتیان هەیە لە ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا لەبەر گەڵ هۆ، لەسەروو هەموویانەوە: لەدوای ئیمپراتۆریەتی ماد-دەوە ٧٠٠ - ٥٥٠ پێش زایین، یەکەم دەسەڵاتە ناوی حکومەتی لێنرابێت و ڕابەرەکەی حکومدار/ مەلیك ناوبرابێت[1]، هەروەها یەکەم جارە لەمێژووی کۆنو هاوچەرخی کورددا، ئەم دەسەڵاتە ڕۆژنامە بکاتە زمانحاڵی فەرمانڕەوایی خۆیو

---

١ -پلەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە (حکومدار)ەوە گۆڕاوە بۆ (مەلیك) بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و لەماوەیەکی کورت دا، هەر لە ژمارە ١٣ی بانگی کوردستان دا ل١ بە(حکومدار) ناوی هاتووە و لە ل٣ بە (مەلیکی کوردستان)، بڕوانە: بانگی کوردستان، ژ١٣ س١، ٣ تشرینی دووەم ١٩٢٢.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لەو شپرزەیی و ڕووداوە خێراو وەزعە نائارامەدا، بایەخ بە کاری ڕۆژنامەنووسی بدات، ئەم بایەخدانە زۆر یادەوەری ڕوون و نوسراومان بۆجێ دەهێڵێ کە دەتوانین بابەتی چەند نامەیەکی لێ هەڵگۆزین.

ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتی یەکەم، بانگەوازی ئازادی نەتەوەیین. سەرەتایەکی پتەون بۆ سەرهەڵدانی ڕۆژنامەی ئازادو نووسین و ووتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئازاد، هەوڵی بەرهەمهێنانی دەستەیەکی شارەزا لەم پیشەیەدا، کەدواتر هەر لەم مەڵبەندەدا، ئەم پیشەیە بایەخی پێ درا.

ئەرکێکی تری ئەم نامەیە هەوڵی پرکردنەوەی بەشێکی بچووکە لەو کەلێنەی کەلەبواری لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسیدا بەرچاو دەکەوێ، پێشتر زیاتر بایەخ بەکۆکردنەوەو ببلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسی کوردی دراوە، بابەتی لێکۆڵینەوە کەمتر لەئاست سەدەو دوو سالّی تەمەنی ڕۆژنامەنووسیدا دەگمەنی پێوەی دیارە [٢].

ناوەڕۆکی ئەم ڕۆژنامانە، جیاوازیان لەگەڵ سەردەمی پێشوودا هەیە، لە ڕووی بابەتو ڕێنووس و زۆر هونەری ڕۆژنامەنووسی تر وەک (بانگەشەو جارپدان و جۆرەکانی وتارو هەوالّی ناوخۆو ناوچەکەو دەرەوە – سوود وەرگرتن لە ئاژانسی دەنگو باسەکان و کە ئەمانە لە دووتر دا باسیان لێوەدەکەین).

ئەم ڕۆژنامەنووسیە لەزۆر ڕووەوە پەیوەستە بە ئەدەبەوە، زۆربەی نووسەرو دەرهێنەر دەستەی نووسەرانی (شاعیرو ئەدیب بوون و لەو بوارەوە هاتوونەتە مەیدانی سیاسەتو ڕۆژنامەنووسیەوە) ڕەفیق حیلمی، شێخ نوری شێخ صالح، عەلی باپیر ئاغا، مستەفا پاشا، عارف صائب..... هتد) بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی زانستی لە نووسینی ئەم تێزەدا، بەباشمان زانی بەسەر سێ بەشدا دابەشی بکەین، ئەگەرچی وەک کەرەسەی

---

٢ دەتوانین ئاماژە بۆ ژمارەیەک لەو بەرهەمانە بکەین، کە لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا سەربەخۆ نووسراوە، جگە لە ووتار و لێکۆڵینەوەی ناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکان :

ا–بەزمانی کوردە

- عبد الجبار محمد جباری، مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی، سلێمانی ١٩٧٠.
- د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٨.
- محمد دلێر ئەمین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشە سەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر ١٩٨٩، ،ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی چاپ و بلاوکردنەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری/سلێمانی چاپکراوە ٠
- هیمدادی حسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەولێر، ١٩٩٨.
- د. فەرهاد پیربالّ، ڕۆژنامە گەری کوردی بەزمانی فەڕەنسی، بلاوکراوەکانی سەنتەری برایەتی، هەولێر، ١٩٩٨.
- چەند بەرهەمێکی تر.

ب–بەزمانی عەرەبی:

- الدكتور عزالدين مصطفى رسول، حول الصحافة الكردية، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٣.
- جبار جباري، تاريخ الصحافة الكردية في العراق، بغداد ،١٩٧٥.
- نزار جرجيس علي ،صحافة اربيل، دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٨٨.
- د. عبد الفتاح علي بوتاني ،جريدة الحقيقة، من منشورات مجلة متين ،چاپ خانەی دهوك، ١٩٩٨.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

ڕۆژنامەنووسیی بەیەکەوە پەیوەستن، بەڵام بۆ کار ئاسانی و تێشک خستنەسەر ئەو بەشانە، بەم شێوەیە پۆلێن کراون:

بەشی یەکەم:- بەسەر دوو لایەنی گرنگدا دابەش کراوە، لایەنی یەکەم گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوە و دیکۆمێنتو باری سەرنجانەی سەبارەت بە ڕۆژنامەنووسیی دەسەڵاتی یەکەم ١٩٢٢ ١٩٢٤ نووسراون، کە ئەمە پێویستیەکی زانستیی یە لەبەر ئەوەی تا ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەسەر ئەو بابەتە نەنووسراوە و تەنیا بە شێوەی پەڕاگەندە، لێرە و لەوێ وتارو کورتە نووسین بڵاوکراوەتەوە، کە هەندێکیان بەتایبەتی نووسەرە بێگانەکان، بەخێرایی و لەناو لیستی ڕۆژنامەنووسی عێراقیدا، ناوی ئەو ڕۆژنامانەیان هێناوەو نەک ڕاستیەیان سەبارەت بەنامانجی ڕۆژنامەکان بەتەواوی نەپێکاوە، بەڵکو تۆمەتی ناڕەواشیان داوەتە پاڵ ژمارەیەکیان، کەئەرکی زانستی دەخوازێ، هەڵەو ناتەواوییەکان ڕاست بکەینەوە و لایەنی فەرامۆشکراوی ڕۆژنامەنووسیی کورد لەلای مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسیی نەتەوەکانی تر، زیندوو بکەینەوە.

لایەنی دووەم:- ڕەوتی مێژووی سیاسی و کاریگەری لەدەرچوون و گەشەی ناکرێ لەهۆکاری نامادەبوونی ڕۆژنامەکان دابڕێو ڕووداوە مێژووی سەردەم و قۆناغەکەدا کە نەکرێتەوە، دواتر تۆماری مێژووی هاوچەرخ لەڕووبەری ڕۆژنامەکاندا، کە باشترین شایەتن بەسەر کێشەو ململانێو بەگژدا چوونەوەی ناوخۆو دەرەوە لە ڕۆژانی دەسەڵاتی یەکەمدا. هەر بۆ ئەم بایەخدانە، یەک یەکی ڕۆژنامەکانی (بانگی کوردستان، ڕۆژی کوردستان، بانگی حەق، ئومێدی ئیستقلال) کات و شوێن و ئامانج و ناراستەی سیاسی و کۆمەڵایەتیان باس کراوەو بە دوو ئاراستەی مێژوو بەگشتی و ڕۆژنامەنووسیی بەتایبەتی لێکدراونەتەوە.

بەشی دووەم: باس لە لایەنێکی ئەدەبی گرنگ دا لە ڕووبەری ڕۆژنامەنووسیدا (شیعر) وەک ژانرێکی پێشین و بنج داکوتاو لە ئەدەبی کوریدا، گواستنەوەی لە زارەکی یەوە بۆ نووسراوو ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسیی دەسەڵاتی یەکەم لە مەیدانی شیعردا، کەزیاتر شیعری سیاسیی یە و کەمینەیەک لەشیعری کۆمەڵایەتی ئەمەش بەهۆی ناسکی قۆناغەکەو هەوڵی شاعیری نیشتمان پەروەر بۆ گەیاندنی پەیامی ڕزگاری و سەربەخۆیی و دەسەڵاتی نیشتمانی، بۆ زۆرینەی جەماوەری سلێمانی و کوردستانی باشوور، کە لەودەمەدا، نەخوێندەواری و هەژاری بڕستی لێ بڕیبوون، دەبوایە سیاسەت و دروشمی سیاسی بەسەر شیعردا زاڵ بێت و ببێتە سەردەستەی مەبەستەکانی تر.

بەشی سێیەم: تایبەتە بە پەخشانی هونەری وەک بابەتێکی نوێ و پێویست و لکاو بەزادەی چاپەمەنیەوە، بەمەبەستی خستنەڕووی هەموو کەرەسەکانی پەخشانی هونەری لەو ڕۆژنامانەداو ئەو پانتاییەی داگیریان کردووە، بەپێی ناوەرۆک و ژانر، توانای نووسەر، باسیان لێ کراوەو هەوڵ دراوە ئامانج بپێکین و لا لە بەهرەو توانای پەخشان نووسانی ئەو قۆناغە بکەینەوە کە دیارە زۆربەیان لەمەیدانی شیعرەوە، بوونەتە

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library